# نامە بۆسەرکردەکان مەنێرن!

کاوێزمەلاپەروێز

سەرەک وەزیرانی سوید رێزی لە بۆچوونەکانمان گرت وەلامی نامەی داینەوە بەلام بەرێزان تالەبانی وبارزانی وەلامی کەس نادەنەوە؟!

ئەمە بەتێگەیشتنی من پوختەیەکی کورتی ئەو بابەتەی بەرێز خانم مەهاباد قەرەداغیە کەبەری چەند رۆژ پێش ئێستا نوسیبوی، خانم ئیشارەت بەنامەیکیان دەکات کەلەسالی (1995) وەئارەستەی هەردوو بەرێز بارزانی وتالەبانی کراوە هەنووکەش بێوەلامە، ئەم بابەتە زۆر گرنگ وپر بایەخە زیاتر لەوە دێنێ لەسەری هەلوەستە بکەین و هۆکارەکانی بێوەلامی سەرکردەکانی کورد قولتروفراوانتر بکەین، خانم قەرەداغی سالأنێکە لەوولأتی سوید دەژێ هەر بۆیە بەلایەوە سەیرە وەلامی نامەی لەلایەن ئەو زادە بەرێزانەوە پێ نە گەیشتوە کە گوایە سەرکردەی ئەو میللەتەن ؟!

لەبۆچوونی مندا دروستی هۆکارەکانی ئەو بابەتە پەیوەستن بە چەند خالێکەوە کەدەکارم دەست نیشانی بکەم بەم شێوەیە :

-1سەرکردەکان نەک پر ئیش وکارن بەلکو لە ئاستی ئەو بەر پرسیارێتیەدا نین یاخوود خۆیان وانابینن کە بتوانن موخاتەبەی خەلک ومیللەتی خۆیان بکەن .

-2هەردوو سەرکردە بەرامبەر ئەم گەلە ستەمدیدەیە لە هەستیار ترین بارودۆخی سیاسی وئابوری ئەرکی فرە گرانیان خستە سەر شانی میللەت ...بە ئەنجامدانی شەری برا کوژی، بێگومان شەری برا کوژی چەندین دابی نامۆی ئاشنا بە خەلک کرد کە ئێستاش شوێنەواری خراپی لە زۆر بواری کۆمەلأیەتی دیارەو چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەربۆیە دەکارم بێژم کە نوسەرێکی بەرێزی وەکو خانم وخەلکێکی تر نامەیەک لەبەرژەوەندی خەلک وخاکی کوردستان ئاراستەی ئەو زاتە بەرێزانە دەکات سەیر نەبێ بێ وەلأم بمێنێتەوە چونکی تا بەئەمرۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد ناتوانن یان روونتر بلێن پێلە هەلە کاری خۆیان بنێن و گوێ لەخەلکی تر بگرن.

-3کاتێ سەرکردە دادەپچرێ لە خەلک ومیللەت بەدلنیایەوە زۆر مومکینە ئەو جۆرە نامانە بە بۆچوونی دەست و پەیوەندی سەرکردەکان لەو ئاستەدا نەبن کە سەرکردە کاتی خۆی بەفیرۆ بدات بەخوێندنەوەیان یان وەلأم دانەوەیات) هەربۆیە سەرکردە لە وولأتی ئێمەدا وا خۆی نمایش دەکات کە پیرۆزەو قابیلی نە هەلەکردنەو نەش ئامۆژگاری ؟

-4ئەوەی لای من سەیرە ئەوەیە سەرکردەکان ئامادەنین کەمترین دەرفەت بۆ کادری نێو حزبەکانیان کەزۆرانێک لەوان سالأنێکی درێژ خەبات وتێکۆشانی بووە بۆ دیداریان تەرخان بکەن ئەدی خاتوونی بەرێزم چلۆن چاوەرێ وەلامی نامە دەکەیت؟!.

بۆیە لەهەموو بوارێکدا دەبێت سەرکردەکانمان خۆ بگونجێنن لەگەلێ ویستی سەراپا چین وتوێژەکانی کۆمەلێ، دەبێت سەرکردەکانمان ببنە سەرکردەیەکی خاکی بەشدار بن لە دژوارێکانی خەلک تا چاوەروان بن خەلکیش دەنگیان پێ بدات .

هیوادارم سەرکردەکان لەم بابەتەش بێ ئاگا بن وپشت گوێ بخەن چونکی من هاوولأتی سویدنیم بەلکو دانیشتووی کوردستانم!.

K_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.